# ناوی زل و دێی وێران

ئەمجەد شاکەلی

"هەڵەی ئەم جیهانەی ئێمە لەوەدایە، کە نەزانەکان یەکجار لە خۆ دڵنیان و زاناکانیش پڕن لە دوودڵی"
– برترند ڕەسل –

دوازدە ساڵ بوو ئەو گوزەرەم بەجێهێشتبوو. نۆڤەمبەری ١٩٨٠، لە دەرکەی وڵاغلوو و سەفرەوزەروون و هەرزنێ و سەردەشتەوە، دەرچووم و بە تاران و شامدا گەیشتمە ئەوروپا و یوولی ١٩٩٢، لە ئیبراهیم خەلیل و زاخۆوە بە ئیستانبووڵدا، منیش وەک ئەو عالەمی خودایە، گەڕامەوە کوردستان.
مرۆڤ هەر کە لە فرۆکەخانەی ئیستانبوول وەدەرکەوت، ئیدی یەکسەر تێدەگات، کە ئەوە جیهانێکی دیکەیە و زۆر لە ئەوروپا جیاوازە. قۆڵبڕین، دزی، خەڵەتاندن و دەیان شتی دیکە دەست پێ دەکەن. تەواوی ئەوانەی، کە خاوەن بەرژەوەندیێکن، کە خاوەن سەرمایەیەکن، کە بۆنی بۆرژوازییەتیان لێ دێت، خاوەن هوتێل، خاوەن چێشتخانە، بەقاڵ، شۆفێری تاکسی، بەستەنیفرۆش و هی دیکەش، بەوان بێت، بتڕووتێننەوە و دوا پارەت لێ بسێنن و ئەگەر پێشیان بکرێت، جلەکانی بەرت دادەکەنن و خۆیان لەبەری دەکەن، هەر لەبەر ئەوەی، کە تۆ "یابانجی-بیانی"ت. بیانی بە لای ئەوانەوە، واتە پارە و پارەش واتە دۆلار. شەوی نووستنی هوتێل بۆ تاکەکەسێک ئەگەر سەدهەزار لیرەی تورکی بێت، بۆ بیانی بە تایبەت ئەگەر زمانی (تورکی) ش نەزانێت، دەبێتە چوارسەد یا پێنجسەد یا شەشسەد هەزار لیرە، بەڵکە زیاتریش. سواربوونی تاکسی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی ئەگەر بیستهەزار لیرە بکات، کاکی شۆفێر سەدهەزار لیرە وەردەگرێت. پارەی یەک نەفەر خواردنی چێشتخانە ئەگەر سی یا چلهەزار لیرە بکات بۆ بیانی، دەیگەیەننە حەفتا هەشتاهەزار لیرە و چەندهەزارێکیش دەبێ بەخشیش بەوانەی، کە بە دەوری مێزەکەدا دێن و دەچن، بدرێت. ئەم یاسایە یا ئەم بێیاساییە پێوەندی بەوەوە نییە، کە خاوەن هوتێل، تاکسی، چێشتخانە و شتگەلی دیکە، تورکن یا کورد یا شتێکی دین. خاوەن بەرژەوەند و بۆرژوازی هەموو ئەم دنیایەش یەک شتن و هیچ جیاوازییەکیان نییە. ئەوروپاییەکان دزی دەکەن، درۆ دەکەن، شتی خراپتریش دەکەن، بەڵام بەو شێوەیەی ئەوێ نایکەن. میوانی هوتێل و چێشتخانە و نەفەری تاکسی ناڕووتێننەوە. لە هەمووان هەر هەمان پووڵ و پارە وەردەگرن. لە گەڕانەوەمدا بۆ سوێد و لە فرۆکەخانەی "ئارلاندا"ی ستۆکهۆڵم، کە دابەزیم بۆوەی تاکسییەک بگرم و بگەڕێمەوە ماڵێ، ڕیزێک تاکسی ڕاوەستابوون و منیش چەمەدان و ساکەکانم بردنە لای یەکێکیانەوە و گوتم: دەمەوێ بچمەوە فلانە گەڕەک، شۆفێرەکە گوتی: ئەم تاکسییانەی ئێمە زۆر گرانن و نێزیکەی چوارسەد کرۆنێک دەکات، لەوبەرەوە -کە هەموو دوو میتر- تاکسی ستۆکهۆڵم ڕادەوەستن و نرخەکەیان دیاریکراو و بڕاوەیە و دووسەد کرۆنە بێ زیاد و کەم، ئەوەیان بۆ تۆ هەرزانترە، بەوە برۆ. ئەوروپاییەکان، میللەتان، وڵاتان دەڕووتێننەوە، بەڵام کاریان بە تاکە کەسەوە نییە. بڕواشیان بە ڕێکوپێکی و ڕێکخستن و قانوون و ڕەسم و ئەوانە هەیە و لێی دەرناچن، بەڵام هەر لە ئیستانبوولەوە جیاوزییەکە دەست پێ دەکات و ئیدی قانوونی جەنگەڵستان سەردەستە. هەموو ددانیان تیژکردووە و تەماحی خواردنی هەموو بیانییەک دەکەن.
چی گۆڕاوە و هەست بە چی دەکەیت، کە وەها پاش درەنگانێک دەگەڕێیتەوە! پرسیارێک بوو زووزوو لێم قوت دەبووەوە و ئاراستەم دەکرا. هەستم نەدەکرد، کە زۆر لەمێژ بوو دوور کەوتبوومەوە. وامدەزانی چەند ڕۆژێکە ئەو ناوەم بەجێ هێشتووە. مێژوو لای من وەستابوو و لەوێش تێکچووبوو. گۆڕان، چی گۆڕاییت؟ خاک، مرۆڤ، درەخت، دەوەن، دەنگ، ئاو، هەموو گۆڕاون. وڵات سەرتاپا کەلاوەیەکی گەورەیە. وێرانەیەکە و هیچی دی. مەردایەتی، دڵسۆزیی، خۆشەویستی، هاوکاری و دۆستایەتی، کە جاران پێوەرگەلێک بوون لە کۆمەڵگەی

کوردەواریدا باو بوون، ئەورۆکە گۆڕدراون بە تاکە یەک پێوەر، ئەویش دەسەڵاتە و پارە، کە هەردووک یەک شتن. خاک و ئاوەدانی، بوون بە کەلاوە و دەروونی مرۆڤیش وێرانستان.

دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای ئەو کوردستانە، چ بەعس بوويێت و چ بەرەی کوردستانی، هەمیشە کۆشاون بۆ دەستەمۆکردنی مرۆڤی کورد و "مسخ و تشویە"ی، بۆوەی لە هەموو یاخیبوون و ڕۆحی ڕەفز و بەرهەڵستیی و شۆڕشگێڕێتی بخەن و گیانلەبەرێکی خەساوی لێ ساز کەن.

ئێمە کە ماوەی ئەم دە دوانزدە ساڵەی دواییە لە دەرەوەی کوردستان بووینە و لەو ماوەیەشدا گەلێک شت ڕوویداوە، پێم وا نییە، لە باری ژیان و گوزەرانی خەڵک و ڕەوتی سیاسەتەوە لە کوردستان و ئەو ناوچەیە بێئاگا بووبین. ئەوەی لەو ساڵانەدا ڕوویداوە، هەر تەواوکەری ئەوەی پێشوو بووە و بەردەوامیی ئەو. ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١، کە خەڵکی چەوساوە و ستەمدیدە و ئازاردراو و ڕەش و ڕووتی کورد دەستیان پێ کرد و بەعس و هێزەکانیان لە کوردستان وەدەر نا، حیزبە کوردییەکان، کە هەر لە دوای شەهیدبوونی هەڵەبجەوە هەرەسیان هێنابوو، قۆستیانەوە و هاتنە سەر حازر و بوون بە خاوەنی ڕاپەڕینەکە. بێگومان هاتنی ئەوانیش بە جەربەزەیی و کوڕێنی خۆیان نەبوو، بەڵکە هێزی دەرەکی و فەرمانڕەوایانی جیهان پاڵیان پێوە نان. ئەو حیزب و دەستانەش لە بری پاراستنی شارەکان، کە تەواوی کوردستان –بە کەرکووکیشەوە- بۆ یەکەم جار بوو بە تەواوی دەستی بەسەردا بگیرێت، هانی خەڵکەکەیان دا بۆ ڕەوکردن و بەجێهێشتن و چۆڵکردنی شارەکان، لە ترسی حوکوومەت. ئیدی کونەپەپووئاسا لەو خەڵکە کەوتنە خوێندن و ئەوی ورە بێت نەیانهێشت و خەڵکی بێچارەش چ بکات؟ حوکوومەتیش بە چەند تۆپ و تانکێک، ٢-٣ میلیۆن کوردی ئاوارەی ئێران و تورکیا کرد. خەڵکی بەدبەختیش، کە جاری پێشوو لە هەڵەبجە و گەرمیان و بادینان گەزرابوون، لە ترسی ئەوەی جارێکی دیکە نەگەزرێن هەڵدەهاتن. هەر ئەو حیزب و دەستانەی، کە لە کارەساتەکەی هەڵەبجەدا بۆ خۆیان ڕێگەیان لە خەڵک دەگرت و نەیاندەهێشت خەڵکی ئەو شارە هەڵبێن و خۆ لە کیمیایی ڕزگارکەن، ئەمجارەیان خۆیان پاڵیان بە خەڵکەوە دەنا، بۆ وەی شارەکان بەجێ بهێڵن. حیزب و دەستە کوردییەکان بەو دەمە کورتەی، کە گەیشتنە نێو شارەکان و بەجێیانهێشتن، فریای گەلێک شت کەوتن. فریای تالان و دزی و چەپاو و شرەخۆرییەکی باش کەوتن و ئەوەی دەستیان پێ ڕاگەیشت لەگەڵ خۆیاندا بردیان. پاش ئەوەی هێزی ئەمەریکا و ئەوانی دیکە گەیشتنە ئەو ناوچەیە و مەسەلەی هێڵی ٣٦ هاتە ئاراوە، ئیدی دەستە و حیزبەکان لە شارانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک مانەوە و کەرکووکیان لەدەست دا و لەو شارانەی دیکە بۆ خۆیان بوون بە فەرمانڕەوا و تا ئێستاش هێناویانە.

ئەورۆکە بەرەی کوردستانی حاکمی کوردستانە. بەرەش لە چەند حیزبێک پێکهاتووە. هەندێک حیزبیش هەن ئەندامی بەرە نین. لە کوردستان حوکوومەت و پەرلەمان هەیە، بەڵام حوکوومەت و پەرلەمان ناوی زلن و دێی وێران. بوونی ئەوان زیادەیە و هیچ کارەن. دوو حیزبە زلەکەی بەرە، پارتیی دیموکراتیی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، خاوەنی حوکوومەت و پەرلەمانەکەن. ئەندامانی پەرلەمان و حوکوومەت لە لایەن ئەو دوو حیزبەوە دیاری کراون و دانراون و لە نێو خۆیاندا وەک یەک، پەنجا بە پەنجا دابەشیان کردووە. پەرلەمان ئەگەر پەرلەمان بێت وەک، کە لە هەموو دنیادا هەیە، دەبێ بێجگە لە پارتییەک یا پارتیگەلێکی فەرمانڕەوا، پارتییەک یا پارتیگەلێکی ئۆپۆزیسیۆنیشی تێدا بێت. لە پەرلەمانی کوردستاندا –ڕێک وەک پەرلەمانەکەی عیراقی بەعس، کە ئەمان (فەرمانڕەوایانی کورد) ، تەنانەت نێوەکەیشیان لەوەی عیراقەوە وەرگرتووە و خۆیان ناو ناوە ئەنجومەنی نیشتمانی- ئۆپۆزیسیۆن نییە. ڕەنگە ئەمە نموونە و شێوەیەکی نوێی سیاسەت و دیموکراسی و پەرلەمانیەتی بێت، کە جووتە حیزبە فەرمانڕەواکەی کورد –بە بیری یەکجار تیژ و ژیرییان- پێی گەیشتبن و هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش تووتی ئاسا دەستەی ئەشهەدوبیللا بن و هیچی دی. لە هەموویش سەیرتر، پێنج ئەندامی ئاشوورییان لە پەرلەماندا داناوە و یەکلاکردنەوەی بڕیار و پێشنیازی پەرلەمان لە دەست ئەواندایە، چونکە تاکی ١٠٥ ئەندامەکە لەوانە و بڕیارەکە بەو ساغ دەبێتەوە. لە کاتێکدا کە هەموو دنیا دەزانێت، هەڵبژاردن و پەرلەمان و

حوکوومەت و ئەو جۆرە داو و دەسگانە بە فەرمانی ئەمەریکا و ڕۆژاوا دامەزراوە و دانانی ئەو ئاشوورییانەش هەر بۆ ڕەزامەندیی ڕۆژاوا بووە، ئەو دوو زلحیزبە نەیانتوانی لە نێو تورکمانەکانی کوردستاندا، چەند کەسێک کە دۆستایەتی کوردیان مەبەستە، بدۆزنەوە و بیانکەن بە ئەندامی پەرلەمانەکە، کە بێگومان زۆر بە ئاسانی دەکرا.
ئەگەر جۆرێکی دیکە بنوارینە مەسەلەکە وەها دەکەوێتەوە، کە هەڵبژاردنی ئاشوورییەکان بۆ ئەندامیەتیی پەرلەمان دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی مەسەلەی ئاشووری لە کوردستاندا، کە ڕۆژاوایش ئەوەی دەوێت، هەروەها نەبوونی تورکمان لە پەرلەماندا دەبێتە هۆی ئەوەی، کە تورکمان خۆ بە غەیرەکوردستانی بزانن و دووبارە ڕۆژاوا ئەوانیشی وەک ئاشوورییان- ئەگەر کورد بە نیازی دەوڵەت و شتی وا بوو - بۆ سەرێشە و گیروگرفتی دوارۆژی کورد هەڵگرتبێت. من پێم وایە، ئەگەر پارتییە کوردییەکان نیازی سەربەخۆیی و دەوڵەت و شتی ئەوتۆییان نییە، ئیدی خەڵکی کورد چ پێویستییەکی بە پەرلەمان و حوکوومەت هەیە! پەرلەمان و حوکوومەتێکیش، کە تا ئێستا لەو دنیایەدا، کەسێک بە ڕەسمی نەیناسیوە و دانی پێدا نەناوە، چونکە ئەوان – پەرلەمان و حوکوومەتی کورد- مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراق دادەنێن و خۆ بە بەشێکی عێراق دەزانن.
سەرکردەکانی دوو زلحیزبەکە، کە ئەوڕۆکە سوێند بە سەری یەکدی دەخۆن، تەنێ ڕووکەشە و گوشاری مامۆستاکانی ڕۆژاوایان لە سەرە، دەنا لە ڕاستیدا شیروتیر لە یەکدی دەسوون و مڕ لە یەکدی دەبەنەوە و هەر جەلالی و مەلاییەکەی دوێنێن و خۆیشیان چاک دەزانن، کە ڕاست ناکەن و کەسانی خۆیشیان هەر بەو پەروەردەیە گۆش دەکەن.
ناوچەی بادینان، زاخۆ، دهۆک، ئامێدی و ئەو ناوە، پارتیی دیموکراتیی کوردستان، حوکمی دەکات. پارتییش لە بەر ئەوەی حیزبێکی کۆنە و حیزبی بارزانییە و تا ڕادەیەکیش خاوەنی ئەزموونێکە –ئەگەر زۆر باش و ڕێکوپێک و سەرکەوتووش نەبووبێت- لە بەڕێوەبردندا لە لایەکەوە و لە بەر ئەوەیش، کە خەڵکی ناوچەی بادینان لە زۆر ڕووەوە، ئارام و گوێڕایەڵن لە لایەکی دیکەوە، بۆیە ئەو ناوچەیە تا ڕادەیەک لە ناوچەکانی دی ئاسوودەترە. خراپەکاری و دزی و جەردەیی، کە لە شوێنانی دی وەدی دەکرێن، لە بادینان زۆرزۆر کەمترن. هەر لە خاڵی پشکنین و بازگەکاندا، مرۆڤ هەست بە جیاوازییەک دەکات. کە بە بادیناندا دەڕۆیت، بەخێرهاتنی مرۆڤ دەکرێت، بەڵام هەر کە مرۆڤ گەیشتە نێزیکی سلێمانی، ئیدی داوای دیاری لە مرۆڤ دەکرێت و زۆر ئاسایی دەڵێن: لە "خاریجەوە" چیتان بە "هەدیە" بۆ هێناوین؟
وێرانترین و داڕزاوترین و نەگبەتترین دەڤەر، دەڤەری گەرمیانە، کەرکووک، خورماتوو، کفری، کەلار و خانەقین. کەرکووک و خورماتوو و خانەقین، بە دەستی حوکوومەتەوەن. کفری و کەلار، بە دەست بەرەی کوردستانییەوەن، بەڵام چەپۆکی حوکوومەتیشیان هەر بە سەرەوەیە. سەربازگەی حوکوومەت، کیلۆمێترێک لە باژێڕی کفرییەوە دوورە و ٢٠ کیلۆمیترێکیش لە کەلارەوە. دەڤەری گەرمیان لە گشت دەڤەرەکانی دیکەی خوارووی کوردستان پتر زیانی لێکەوتووە و ئێستاش لە ژێر دەستی بەرەی کوردستانیدا، لە هەمووان زێتر دەچەوسێتەوە. خەڵکی ئەو دەڤەرە بێجگە لەوەی کاتی خۆی لە **١٩٨٧** و **١٩٨٨**دا تووشی ئەنفال بوون و نێزیکەی **١٨٢٠٠٠** ژن و منداڵ و پیر و لاویان، ڕاپێچکران و لەنێوبران و تاکە یەک گوندیشیان نەما هەموو تەختکران. ئێستاش زۆربەیان، سەدان هەزاریان لە ژێر چادر و خانووی تەنەکە و زنج و حەسیر و لادیواری خانووەڕووخاوەکانی هەڵەبجە و خورماڵ و پێنجوێن و سەیسایەق و گۆخڵاندا دەژین. هەر لەبەر ئەوەش، کە لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە بە سلێمانییەوە بەستراون، هێندەی دی حاڵیان خراپتر بووە، چونکە کانگەی دزی و ڕووتاندنەوەکە لە سلێمانیدایە. ئەوەی کە دەوڵەتەیەکگرتووەکان"نەتەوەیەکگرتووەکان" بۆ ئەو ناوەی دەنێرن، ١%ی ناگاتە ئەو گەرمیانە و هەر لە سلێمانی قووتی دەدەن. سلێمانی و ئەو گەرمیانە دەیان حیزب و دەستەی لێیە و گەورەترینیان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانە و سەری گوریسەکە بەوانە. بەرپرسانی بەرزی تەواوی حیزبانی فەرمانڕەوایانی کوردستان بە تایبەت

ئەوانەی، کە دەستیان دەڕوا و شتبەدەستن، تەواویان خەڵکی سلێمانی و بادینان هەولێرن، لەبەر ئەوەش کە گەرمیانییەکی سەرۆک حیزب و بەرپرسی گەورە نییە، ئیدی کەس غەمخۆری ئەو دەڤەرە نییە و ئەوەی دێت ناگاتە گەرمیان و لە بادینان و هەولێر و سلێمانی، بادەدرێ و لوولدەدرێ و قووتدەدرێ.

حیزبەکان باژێڕەکانیان شارۆ داوە. ئۆتۆمبیل، شۆڤڵ، بلدۆزەر، کرێن، داو و دەسگەی نەخۆشخانە، دەسگەی تەلەفۆن، شتومەکی دایەرەکان، ئۆتۆمبیلی زبڵپاککردنەوەی نێو شارەکان، کۆمپانییەکان و تەواوی شتومەکێک، کە بە ناو هی حوکوومەت بوون، هەموویان دزین و بردن و ئاوەودیوی ئێرانیان کردن و فرۆشتنیان. بە سایەی دزی و تالانی و جەردەیی و شرەخۆرییەوە، زۆربەی زۆری سەرکردە و بەرپرسانی ئەو حیزبانە، ئەورۆکە حیسابی سامان و دارایی خۆیان نازانن. خاوەنی میلیۆنان دۆلارن –بۆیە دەڵێم دۆلار، چونکە ئەوان ئەورۆ حیسابی دۆلار دەکەن- و بێجگە لەوەش دەیان کۆشک و تەلاریان هەیە و خۆشترین ژیان دەژین. دەگوترێ و دەگێڕدرێتەوە –والعهدة علی الراوي- کە لە نێو سەران و بەرپرسیارانی ئەو حیزبانەدا هەن، کە:

- خانوویان بە ۲، ۵ میلیۆن دینار لە سلێمانی کڕیوە.
- هەمووەدەم –تەنانەت لە لایەن هاوڕێکانی خۆیشیانەوە- بە پیاوی ڕێژیمی عیراق دانراون و ئێستاش لە نێوان کوردستان و پێتەختەکانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و ئەوروپادا تەراتێن دەکەن و گاڵتە بە میلیۆن دینار دەکەن.
- گوتوویانە کە بە یەکێک ناگوترێ پیاو ئەگەر خاوەنی دوو سێ میلیۆن دینار نەبێت.

بێجگە لەوەش کە ئاهەنگ و زەماوەند و بانگهێشتن و ئەو جۆرە شتانەش –کە زووزوو- ساز دەکەن، بە سەدان هەزار دیناری تێدەچێت. چەند ئاغا و سەرەکخێڵێک، کە بۆ بەشداربوون لە کۆنفرانسێکی حیزبێکدا لە هوتێلی "ئەبو سەنا" لە سلێمانی دابەزیبوون، پارەی خواردن و خواردنەوەی نیوەڕۆ و ئێوارەی یەکێک لەو ئاغایانە و پیاوەکانی، ۱۷ هەزار دیناری کردبوو.

لێپرسراوانی ئەو حیزبانە، کە شەقان بە پارەوە دەکەن، زۆریشیان بەلاوە ئاساییە و وەک میراتی باوک و باپیریان بۆ مابێتەوە و بە ئارەقەی نێوچاوانیان پەیدایان کردبێت، بەو جۆرە هەڵسوکەوت دەکەن، لە کاتێکدا کە هەموو کەس دەزانێت، ئەوەی هەیانە و لێی دەخۆن، خوێنی ئەو خەڵکە هەژارەیە و بازرگانییە بەوانەوە، چونکە بە ناوی ئەوانەوە هەموو کارەکان دەکەن و بە ناوی کوردایەتی و کوردستان و ولاتپاراستنەوە، گیرفان پڕ دەکەن و پاساوی هەموو تاوانێکیش دەدرێتەوە.

وەنەبێ هەر شتی زل و گەورە تەماحی تێ کرابێت و دزرابێت، بەڵکە شتە گچکەکانیش ڕزگاریان نەبووە. تەلی تەلەفۆن و تەلی کارەباش دەقرتێنن و دەیبەن بە ئێرانی دەفرۆشن. هەر لەوەتی حوکوومەتی بەعس لە ناوچەی سلێمانی و هەولێر و دهۆک نەماوە و بە ڕەسمی دەستی لەو ناوچەیە هەڵگرتووە، ئیدی دزی قانوونە و نەدزین –دەستپاکی- ڕیزپەڕ. بێگومان بەعس هەموو ولاتەکەیان دزیبوو چونکە کوردستانە، بەلام بەرەی کوردستانی بۆ دەیدزێت، خۆ ئەوان بەرەی کوردستانین!

لە نێوان شارێک و شارێکی دیکەدا کەمتر لە ۲۰-۳۰ خاڵی پشکنین نابینرێن. هەر حیزبە و بۆ خۆی خاڵێک یا چەند خاڵێکی پشکنینی داناوە. پرسیارێکی زۆر بێواتا، کە هەمووەدەم دەگوترێتەوە ئەوەیە، کە سندووقی ئۆتۆمبیلەکە چی تێدایە؟ زۆربەی ئەو خاڵی پشکنینانە یا بۆ ڕاووڕووت و دزی دانراون یا ئەم حیزبە لە ڕقی ئەو حیزبەی دی دایدەنێت و هەرکەسە و دەیەوێ خەڵکی خۆی لە مەیداندا هەبێت و خۆی پێشان بدات و لە دزەکەی دی دوا نەکەوێت.

کارگێڕی و بەڕیوەبردن لە هەندێ شار و شوێندا دانراوە، بەلام لە ڕاستیدا نە کارگێڕی و نە بەڕێوەبردن و نە حوکوومەت و نە پەرلەمان، شت بە دەست نین و هیچیان لەباردا نییە و هیچیان پێ ناکرێت. ئەزموونی نێزیک بە ساڵێکی حوکومڕانیی بەرەی کوردستانی لە هەرێمەکەدا –دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حوکوومەت- و نێزیکەی دوو ساڵ لە کشانەوەی بەعس لەو هەرێمە سەلماندوویەتی، کە ئەوانە بێتوانست بوون و بێتوانستن لە ئەنجامدانی

هیچ جۆرە گۆڕانێک، یا لای کەمی درێژەدان بە کاری کارگێڕییە ڕەسمییەکان، کە پێوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەوە هەیە. بۆ نموونە دایەرەی ئیعاشە (إعاشة) کە سەرپەرشتی کاری نانەواخانەکان دەکات، بە گەیاندنی ئارد و سووتەمەنی، یا دایەرەی پۆست، کە پێم وایە کاری گواستنەوەی پۆست لە نێوان شارەکانی هەرێمەکەدا هیچی تێناچێت و ئەگەریش تەکنیک یا نەبوونی کەرەستە و پێویستی ئەنجامدانی ئەو کارە دەکرێتە بیانوو، ئەدی چۆن ئەوان زۆر چالاکانە و گورجوگۆڵانە، ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی خۆیان لە هەمان ڕۆژی دەرچووونیدا، دەگەیەننە تەواوی شار و شارۆچکەکانی ناوچەکانی بندەستی خۆیان. بێجگە لەوەش هیچ مەرج نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، نوێترین تەکنیک هەبێت، چونکە زۆر لەمێژ نییە، کە گواستنەوەی پۆست بە کۆڵی ولاخ دەکرا، خۆ ئێستا ئۆتۆمبیلی نوێ و زۆر و زەبەندەشیان بە دەستەوەیە. هەروەها دایەرەی تەلەفۆن و تەلەگراف، کە پێم وایە سیستمی مایکرۆیێفی داو و دەسگە تەشویشە (تشویش) کەی نێزیکی "عەربەت" بەس بێت بۆ بەیەکەوە گرێدانی هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمەکە بە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ئەویش بە دامەزراندنی بنکەیەکی مایکرۆیێفی ناوەندیی لە هەولێر، بەڵام کە خاوەن ماڵ –بەرەی کوردستانی- بۆ خۆی دز و تەلبڕ بێت، ئیدی ئەو جۆرە کارانە چۆن ئەنجام دەدرێت. تەواوی دەسەڵات بە دەست دوو زلحیزبەکەوەیە و ئەوانیش حیزبایەتی دەکەن، نەک ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی کاری خەڵکی کورد. جووتە حیزب حەیا و حورمەتی پەرلەمان و حوکوومەتیان بردووە، چونکە کە وەفدێک دەنێرنە دەرەوە یا سەردانی شوێنێک دەکەن یا کە یەکێک دێت بۆ کوردستان یا وەفدێک سەری ئەوێ دەدات، دەبێ ئەو دوو حیزبە بە جووتە بچن، بێن، بیانبینن. هەرگیز یەک لەوان بە ناوی کوردەوە و بە تەنێ ناتوانێت کارێک ئەنجام بدات، چونکە متمانە و بڕوایان بە یەکدی نییە و خانەگومانن و دەبێ هەردووک هەر هەبن. مرۆڤ لەوە تێناگات، کە حاڵ وایە و ناتوانن حوکوومەت و پەرلەمان بە نوێنەری خۆیان و خەڵک بزانن –کە لە ڕاستیدا نوێنەری خەڵک نین، بەڵکە تەنێ نوێنەری خۆیانن- ئیدی چ پێویستییەکی بەم سەرێشە بوو و با هەر بە نێوی بەرەی کوردستانییەوە فەرمانڕەواییان بکردایە.

ئەوی کاتی خۆی کارمەند و کرێکار و فەرمانبەر بووە، زۆربەی هەرەزۆریان بێ مووچەن. ئەگەر ڕێژەیەکی کەمیش مووچەیان بدرێتێ، ئەوا هەرگیز بەشی هیچیان ناکات و ناتوانن پێی بژین، چونکە گرانییەکە لە وزەی زۆربەی خەڵکەکەدا نییە، کە برسییانە و حاڵیان خراپ و پەرێشانە. بۆ نموونە: مامۆستایەکی سەرەتایی –ئەگەر مووچەی بدەنێ- نێزیکەی ٢٥٠ دینار لە مانگێکدا وەردەگرێت. نرخی شتومەکی پێویستیش بەم شێوەیەیە:

١ گونێی ئارد: ٥٥٠-٦٠٠ دینار، ١ کیلۆ چای: ٦٠ دینار، ١ کیلۆ گۆشت: ٤٨ دینار، ١ کیلۆ شەکر: ١٢ دینار، ١ کیلۆ برنج: ١٣ دینار، ١ کیلۆ ڕۆن: ٨ دینار.

سووتەمەنی: ١ لیتر بەنزین: ٩ دینار، ١ لیتر نەفت، ٧ دینار، ١ دەببە گاز: ٢٥٠ دینار.

کە مووچەش نادرێت بە بیانووی ئەوەوەیە، کە پارە نییە. لە هەمان کاتیشدا باسی ئەوە دەکرێت، کە تەنێ پارەی گومرک، کە لە خەڵک و هاتوچۆی دەرەوە و هێنانەژوور و دەرکردنەدەرەوەی شتومەکی وەردەگرن، مانگانەی ١٠٠ میلیۆن دینارە، لە کاتێکدا کە مووچەی تەواوی ئەو کرێکار و فەرمانبەرە نانبڕاوانە، ٣٦ میلیۆن دینار دەکات، ئەدی پاشماوەی ئەو ١٠٠ میلیۆن دینارە چی لێ دێ؟

لە گومرکەکەی ئیبراهیم خەلیل بە چاوی خۆم بینیم، بەیانیانێک ٣ دانە فەردەی خەتسووری پڕ لە پارەی کاغەز – ئیدی مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێت، چەندیان تێدا بوون- یان خستە نێو لاندکورۆزێکەوە و کۆمەڵێک چەکداریش چواردەوری فەردەکانیان گرتبوو تا بار کران. کە ئەو چەکدارانەم بینی یەکسەر وامزانی، سەرباز و پۆلیسی حوکوومەتی سەددامن، چونکە ڕێک جلی سەربازیی عیراقیان لەبەردا بوون، پەڵەپەڵە و کەسک و بۆر و چەکمەی درێژ و ڕەش و کلاشینکۆف بەدەستەوە و تەپڵەی سەربازیی لەسەر. تەنانەت کابرای ئەفسەریش، کە سێ ئەستێرە بوو (نەقیب) ، هەر تەواو جلی ئەفسەری عیراقی لەبەردا بوو و بە موویش لەوان جوێنەدەکرایەوە. بە لای منەوە شتێکی سەرنجڕاکێش بوو، چونکە لەبەرکردنی ئەو جلانە، دەکاتە داننان بە بەعس و عیراق و سەددامدا و خۆ بە

بەشێک لەو دەسگایەی ئەو زانین، دەنا پێشمەرگە بۆ دەبێ جلی سەربازیی لەبەر بکات! خۆ دەکرێ ئەستێرە و مەستێرەش – ئەگەر هەر زۆر حەزیان لێیە- بخەنە سەر شان و هەر جلەکەی خۆیانیش لەبەردا بێت. ئەوەیان جێی شانازییە تا جلە خوێناوییەکەی بەعس و سەربازی عیراقی و لەشکری عیراق، کە لەوەتی هەیە و دامەزراوە دەستی لە خوێنی کورددایە و کوردستانی داگیر کردووە. ئەگەر بەڕاستی خۆ بە شۆڕشگێڕ دەزانن، دەبوو نەفرەت لەو جلە سەربازییانە بکەن، بەلام حیزبگەلێکی لەو بابەتە، هەر ئەوەیان لەباردایە و نە بە کردەوە و نە بە بیر، ناتوانن لە بازنەی بیری بەعس و عیراقیەتی، دەرێن و بۆ خۆیشیان فۆتۆکۆپی بەعسن و پەروەردەی هەمان فێرگەن.

لە کاتێکدا کە زۆربەی خەلکی هەژار و کلۆل بە دەست برسیەتی و نەبوونەوە دەنالێنن، بەرەی کوردستانی زێتر لە سێ چوار کەنالی تەلەڤزیۆن و چەندین ڕادیۆیان هەیە، کە لەوەی زێتر فشە و قسەی زلی لێپرسراوانی دوو زلحیزبەکە و حوکوومەتەکە و پەرلەمانەکە پێشان دەدەن و باس دەکەن، هەرگیز بە لای گیروگرفتی خەلکە چەوساوە و قوڕبەسەرەکەدا ناچن. زێتر باسی دەنگوباسی دەرەوەی ولات دەکەن و بە تەواوی برسیەتی و گیروگرفتەکانی میللەتی کوردستانیان وەپشتگوێ خستووە و هەر باسی ناکرێت، تەنانەت ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیشیان هەمان کار دەکەن. بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنانی بەرە هەر لە بەرنامە و پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی تورکیا و ڕۆژاوا و ئێرانی سەردەمی شا دەچن. بە زۆری بە گەمە و گالتە و گۆرانیی ڕۆژاوایی و تورکی و فارسی و عەرەبی و هەوال و فیلمی بیانی دەیبەنە سەر. ئەو دیاردەیە تەنانەت کارێکی وای کردووەتە سەر خەلک، کە بە زۆری لە چایخانە و ئۆتۆمبیل و چیشتخانە و هوتێلەکاندا مرۆڤ هەر گوێی لە گۆرانیی عەرەبی و تورکی و فارسی دەبێت و زۆرکەم گۆرانیی کوردی دەبیسرێت.

شێوەی پێشکەشکردنی هەوالەکانیش لە تەلەڤزیۆنەوە، ڕێک هەمان ڕێبازی تەلەڤزیۆنی بەغدای بەعسە. یەکەم هەوال دەبێ لە بارەی جەلال تالەبانی و مەسعوود بارزانییەوە بێت، کە جووتە سەرۆکی کوردن –لە هەموو ئەم دنیایەدا وا باوە کە هەر میللەتێک، ولاتێک، دەولەتێک، گەلێک، کۆمەلێک، دەستەیەک، یەک سەرۆکی هەیە یا کۆمەلێک پێکەوە سەرۆکایەتیی دەکەن- و هەوالی دوای ئەوان لە بارەی سەرۆکی حوکوومەتەوەیە، کە بێجگە لەوەی بە جوولانەوە لاسایی حوکوومەتەکەی بەغدا دەکاتەوە و بە جل و بەرگیشەوە لاساییان دەکاتەوە و جلی لەشکری گەل "الجيش الشعبي" لەبەردایە و تا ڕادەیەکیش حەزدەکات لە تاریق عەزیز بچێت. دوای ئەوەش هەوالی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری ناوخۆ و فلان و فلان و ئەوجا دێتە سەر پارێزگار و ئەو جۆرە کەسانە، ئیدی هەوالی خەلک، برسیەتی، گرانی، بەدبەختی، پیویست ناکات، چونکە بە سایەی بەرەی کوردستانییەوە، ئەو جۆرە باسانە نییە و خەلک هەموو ئینتەلایان کردووە و تێر و تەسەل دەژین!

بێجگە لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی زۆر و زەبەندە، دەیان ڕۆژنامەش دەردەچن. هەر حیزبە و کۆلکەحیزبێک ڕۆژنامەی خۆی هەیە. تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئەو حیزبانە، زۆرجاران بە نیازی ئاژاوەنانەوە و سازکردنی ڕقەبەری و ناحەزی، دەیان شتی خراپ لەمەڕ کوردانی ئەورووپا و هەندەرانەوە بلاودەکەنەوە و دەنووسن. باسی قژی لوول و درێژ و پانتۆلی کاوبۆی و شێوەی قسەکردن و هەلسوکەوت و ڕەفتاری کوردانی دەرەوە دەکەن و باسی ئەوە دەکەن، کە بە دۆلارەوە دێنەوە بۆ کوردستان و ژن دێنن و ژنیان گران کردووە و دەیان شتی دیکەش. هەرچی مەسەلەی قژ و پانتۆل و سەر و فەسالە، پێم وایە باسکردنی هەر شەرمە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی تایبەتە و پێوەندی بە مرۆڤ خۆیەوە هەیە، بە تایبەت ئەگەر مرۆڤ تۆزێک بڕوای بە ئازادی هەبێت. قژی درێژ و لوول و پانتۆلی شڕ و کاوبۆی و نازانم چی، هیچیان زیان لە مرۆڤێکی دیکە نادەن و گەلێک شەریفتر و باشترن لەوەی، کە مرۆڤ مرۆڤ بکوژێت و دزی بکات و خەلک بچەوسێنێتەوە. ئەوانەی بەرەی کوردستانی با باسی تاوانەکانی خۆیان بکەن، چییان داوە بە قژ و پانتۆلی عالەمەوە. بریا خێلی بەرەی کوردستانی بە دەرپێیەکی کورتەوە گەڕابان، بەلام ڕاستگۆ و دەستپاک و مرۆڤدۆست و کوردپەروەر بووایەن. ئەگەر کوردانی ئەورووپا ژنیان گران کردووە، قسەیەکی یەکجار بێ واتایە. بەرەی کوردستانی، کە خۆ بە شۆڕشگێڕ دەزانێت، دەبوو ڕەخنە لە

ژنفرۆشتن بگرێت و مەسەلەی شیربایی و ئەو جۆرە نەریتە دزێوانە نەهێڵێت. کە کوڕەکوردێکیش لە ئەوروپاوە دەگەڕێتەوە و کچەکوردێک دەکات بە هاوسەری خۆی، دەبوو بە کارێکی پیرۆز و دڵخۆشکەر دانرابا، چونکە ئەو کوردە نەدۆڕاوە و دەیەوێت وەک کورد بمێنێتەوە و منداڵی کوردی ببێت، دەنا خۆ ئەویش دەتوانێت ژنێکی بیانی بهێنێت و منداڵی ببێت بە ڕووس، ئینگلیز، فینلاندی، ئەڵمانی و هەموو شتێکی دیکەی غەیرەکورد. گەڕانەوەی ئەو کوردانەی ئەوروپا بە هەزاران دۆلارەوە بۆ کوردستان، دەبوو لای بەرەی کوردستانی جێی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی بووایە، چونکە بەو دۆلارانەی، کە کوردانی هەندەران دەیبەنەوە کوردستان، دەتوانن کۆمەک بە چەند کەسێک، چەند خێزانێک بکەن، لە کوردستان و کۆمەڵێک پێویستیی ئەو خەڵکە دابین بکەن، کە پێویستییان بە هەموو کۆمەکێکە و بەرەی کوردستانی بۆیان دابین ناکات. کە دۆلاریش دەبرێتەوە کوردستان، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کوردستان و زۆربوونی پارە و توانستی کڕین لەوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دۆلارانە ڕاستەوخۆ ناچنە گیرفانی بەرەی کوردستانی خۆیانەوە، بۆیە پێیان ناخۆشە و ڕەخنەی لێ دەگرن. کوردانی ئەوروپا لە ناساندنی کورددا بە دەرەوە و خۆپیشاندان و یارمەتی کۆکردنەوە و ناردنەوەی هەموو جۆرە کۆمەکێک بۆ کوردستان و هەر جۆرە کارێکی دیکەدا، چالاکانە ڕۆڵی خۆیان بینیوە و ئەگەر بوودەڵەیی سیاسەتکارانی کورد نەبووایە، دەکرا وەک لۆبییەکی کوردیی ڕۆڵێکی زۆر مەزنتریان هەبووایە، وەک ئەو لۆبییانەی میللەتانی ئەرمەن و جوولەکە و خەڵکانی دیکەی ئەم دنیایە. ئەو جۆرە ناو و ناتۆرە و قسەڵۆکەی، کە بەرەی کوردستانی و دەسگەی ڕاگەیاندنیان بۆ کوردانی دەرەوەی هەڵدەبەستن، مەبەستیان تەنێ کوردگەلێکە، کە سەربەخۆ و بێلایەنن و پێوەندیان بە حیزب و میزبەوە نییە، دەنا خۆ هەموو کورد دەزانێت، کە کوردانی سەر بە بەرەی کوردستانی، چەندین ساڵە لەم ئەوروپایە خەریکی پارەکۆکردنەوەن و میلیۆنان دۆلار و مارک و کرۆنیان بە ناوی "گیراوەکانی دیاربەکر" و "پەنابەرانی قزلتەپە و مووش" و "ئاوەرەکانی کورد" و "ئاوەدانکردنەوەی کوردستان" و "منداڵی کورد" و "هەڵەبجە" و "ئەنفال" و "گەرمیان" و "قوربانییانی کیمیایی" و "دروستکردنەوەی گوند و خوێندنگە" و دەیان ناوی دیکەوە، کۆکردەوە و خستیانە سەر حیسابی بانکەکانیان و پاشان ئەگەریش برابێتەوە کوردستان، مەگەر تەنێ حیزب و دەستەکانی خۆیان و کەسانی خزم و نێزیکی خۆیان، ئاگایان لەو پارانە بووبێت و ئەویش ئەوانی پێ دەوڵەمەند کراون، دەنا کامە هەژار و لێقەوماو و قوربانیی ئەنفال و کیمیایی و چی و چی، دۆلارێک، مارکێک، کرۆنێک، پوندێکی دەست کەوتووە؟ هەرچی کوردەکەی دەرەوەشە، کە ئەوان قسەی پێ دەڵێن، هەمووی بە کوێرەوەری و کاری قورس و گران و شەکەت و ماندووبوون، وەک گسکدان، قاپشۆردن، بلێتی شەمەندەفەر فرۆشتن، پاسەوانی، شۆفێری، کارکردن لە کارگەی ئاسن و ئۆتۆمبیل و درووماں و بەقاڵی و دەیان کاری سەخت و گرانی دیکە، ئەگەر چەند دۆلارێک ببەنەوە و یارمەتیی کەسێکی لێقەوماوی کوردستانی پێ بدەن، قسەی ناشیرینیان پێ دەگوترێت، بەڵام ئەوانەی خۆیان، لێپرسراوانی حیزبەکان لە دەرەوە، بە هەزاران و میلیۆنان دەبەنەوە، هێشتا هەر پیاوی چاکن. بوونی ئەوان لە ئەوروپا و مانەوەیان، بە خەبات و تێکۆشان دەژمێررێت و خەڵکەکەی دی کاری خراپ دەکەن و کوردیان لەبیر کردووە! لام وابێ هەموو کوردێک باش دەزانێت و ئاگادارە لەوەی، کە خێزان و منداڵی سەرانی ئەو حیزبە کوردییانە بە دەگمەن کەسێکیان لە کوردستان ماوەتەوە. سالانێکی دوورودرێژە لە ئەوروپان و هەر ئەوانیش خەڵکی کوردیان فێرە ئەوروپا کرد. سەرانی کورد بە گشتی لە نێوان کوردستان و ئەوروپادا، گەرمیان و کوێستان دەکەن. بەشی زۆری ئەندامانی حوکوومەت و پەرلەمانەکەی بەرەی کوردستانی و سەرکردەکانی بەرە، پاسپۆرتی ئەوروپایی –هەشە هی دیپلۆماسیی ولاتانی دەوروبەری کوردستان- یان لە باخەڵدایە و منداڵ و کەسوکاریشیان ئاسوودە و ئارام، لە ئەوروپا یا لە سووریا و ئێران و تورکیا، حەساونەتەوە و لە هەردوولاش مووچەی خۆیان مفت وەردەگرن. لە کوردستان مووچەی ئەندامیەتی پەرلەمان و وەزیری و سەرکردەیەتی حیزب و ئەو جۆرە بەزمانە و لە ئەوروپایش هەم خۆیان و هەم ماڵ و منداڵیان، لە دایەرەی سۆسیال و کون و قوژبنی دیکەی وەردەگرن، چونکە ئەو بابەتانە نە خۆیان و نە ژن و منداڵیان، بە هیچ

شێوەیەک خۆ شەکەت ناکەن و مفتخۆرن، کەچی گاڵتەش بە خەڵکەکەی دی دەکەن، کە لە ئەوروپا و لە کوردستانیش هەر لە سەختی و ماندووبووندان. ئەوان کە کوردستان بە ئازاد دەزانن و خۆیان زۆر پێ کوردە، بۆ پاسپۆرتەکانیان نادرِن و منداڵ و خێزانیان بە یەکجاری نابەنەوە کوردستان و لەوی بژین.
لەگەڵ برادەرێکدا مانگی ئۆگوستی ڕێم کەوتە یەکێک لە دایەرەکانی سلێمانی و لە ژوورێک، کە ٤-٥ فەرمانبەری لێ بوو، سیانیان باسی کەسانێکیان دەکرد، کە لە ئەوروپا گەڕابوونەوە و خانوویان زۆر بە گران کڕیبوو و دەیانگوت:"ئەی چۆن، توو خوا گوناحن، بە سواڵکردن ئەو پارەیان کۆ کردووەتەوە و قوتوویان هەڵگرتووە. . بۆ کوردیان کردووە". ئەوانە ئەو کوردانەن، کە پارەی ئەنفال و منداڵی کورد و هەڵەبجە و ئاوارەی کورد و نازانم چی، چووەتە حیسابەکانیانەوە. ئەوانە نوێنەرانی بەرەی کوردستانین، کە هەریەکەو دەیان حیسابی بانکی هەیە. من داکۆکی لە تەواوی ئەو عالەمە ناحیزبییەش ناکەم، کە لە ئەوروپاوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و هەموویشیان بە فریشتە نازانم. دەزانم لە نێو ئەوانیشدا هەن، کە دەیان کاری نابەجێیان کردووە، وەک ئەوەی کە ئۆتۆمبیلیان لە ئەوروپاوە بردووەتەوە لەوێ فرۆشتوویانە و هاتوونەتەوە لە سوێدیش لە دایەرەی بیمە بە بیانووی ئەوەی، کە ئۆتۆمبیلەکەیان لە کوردستان دزراوە یا سووتاوە، جارێکی دی پارەکەیان وەرگرتووەتەوە، ڕێک وەک ئەوەی، کە لە نەجەف و کەربەلا باو بوو و پێیان دەگوت "خروف النذر-کاوڕی قوربانی".
هەرچی مەسەلەی کوردیزانینی ئەم خەڵکەی دەرەوەیە، بە هیچ شێوەیەک ڕەخنەی دەسگای ڕاگەیاندنی ئەو حیزبانە ڕاست نییە، چونکە ئەو کوردە، کە لە دەرەوەیە بە حوکمی ئەوەی تێکەڵاویی لەگەڵ کوردی هەموو بەشەکانی کوردستاندا و هەموو ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیە، زمانەکەی دەوڵەمەندتر دەبێ و کوردییەکی باشتر فێر دەبێت. ئەو ڕۆحی ناوچەگەری و شار و گەڕەکبازییەی لەوێ هەیبووە، لە دەرەوە بەری دەدات و زێتر خۆ بە کوردستانی دەزانێت. ئەگەر جاران خۆی بە کوردی عیراق یا ئێران یا تورکیا یا سووریا زانیبێت، ئەوڕۆکە خۆ بە کوردی هەموو کوردستان دەزانێت. بێگومان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بە هیچ شێوەیەک لای بەرەی کوردستانی نییە و خۆ لە قەرەیشی نادەن.
نێوان حیزبەکانی کوردستان ئەگەر بە ڕوواڵەتیش باش بێت، لە ڕاستیدا و لە دڵەوە خۆشیان بە چارەی یەکتردا نایەتەوە. زۆرجارانیش هەر بۆ سەلماندنی تیۆرییە کوردییەکە"شەڕ لە بەتاڵی باشترە" پەلاماری چەک لە یەکدی دەدەن و کۆمەڵێک لە یەکدی دەکوژن. لە شەڕێکی نێوان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستاندا لە کەلار، نزیکەی ٥٦ کەس لە هەردوولا کوژران و بە قەولی کەسانێک، کە ئاگاداری ڕووداوەکە بوون، دانیشتووانی گەڕەکێک، کە مزگەوتێکی تێدایە، ناچار بوون بۆ ئەوەی بەر "ئار. پی. جی"یەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە بە لاوانی هاتوچۆکەرانی مزگەوتەکەوە دەنران نەکەون، بگوێزنەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە. تەواوی لێپرسراوان و سەرانی حیزبەکان و چەکدارەکان، بە هیچ شێوەیەک ددانی خێر بە یەکدیدا نانێن. وەنەبێ تەنێ نێوانی حیزبەکانی نێو بەرە و دەرەوەی بەرە وا بێت، بەڵکە نێوان ئەوانەی نێو بەرەش هەمان حاڵە. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ "تەحسین شاوەیس"یشدا، کە ئێستا لەگەڵ پارتیی دیموکراتیی کوردستاندایە، پێکیاندا دا، بە بیانووی ئەوەی کە تەحسین شاوەیس، کوژەری "مامەڕیشە"یە.
لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانەکەی بەرەی کوردستانیدا، مەسعوود بارزانی بۆ ئەوەی قسە بۆ خەڵک بکات و پرۆپاگەندە بۆ حیزبەکەی خۆی بکات، سەردانی زۆر شوێنی کوردستانی کردبوو. لە سەردانەکەیدا بۆ کەلار، چەکدارەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان -هاوپەیمانیان- سەر و کەللەیان بردبووە نێو ئۆتۆمبیلەکەیەوە و پڕ بە دەم هاواریان کردبوو و هێندەیان قیژاندبوو: مامە، مامە، مامە، تا دەنگیان نووسابوو. ئەویش هەر هێندەی پێ کرابوو، بێ دەنگ و ئارام، وڵاتی بەجێ هێشتبوو.
تاکە شتێک، کە ئەو حیزبانە لە سەری پێک هاتن و بە باشی ئەنجامیان دا، مەسەلەی شەڕی براکوژی بوو و هێرشیان بۆ سەر "پ. ک. ک"، ئەویش لە بەر ئەوەی ئەوان -بەرەی کوردستانی- پەروەردەی شەڕی براکوژین و

لە سەر ئەوە ڕاهاتوون و بێزوویان پێوە دەکرد، چونکە ماوەیەک بوو نەیانکردبوو. بێجگە لەوەش ئەو کارە باجی ئەو پێوەندەی نێوان بەرە و تورکیا و ڕۆژاوایە و ئەنجامدانی فەرمانی مامۆستایانی تورکیا و ڕۆژاوایانە. لە کاتێکدا کە باسی ئازادی دەکەن و خەڵک وا چاوەنوارە، کە ئەو لەتەکوردستانە ببێتە دالّدەیەک بۆ تەواوی کوردە لێقەوماوەکە، کە لە هەموو لایەکەوە دەرەتێنرێت، کەچی بە پێچەوانەوە بووەتە زیندان و پاوەن بۆیان. لە کوردستانی بەرەی کوردستانیدا، کەس ناتوانێت باسی "پ. ک. ک" بکات و ڕێکخراو و کاری سیاسییان لێ قەدەغە دەکرێت و زۆریشیان دەستبەسەر و زیندانی دەکرێن. ئەگەر هەردوو زلحیزبەکەش ئەورۆکە لە یەکتر بێدەنگن و پەلاماری یەکدی نادەن، چ حیکمەتێکی تێدا نییە، چونکە کورد گوتەنی "کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە"، ئەوانیش هەم کاسەیان پڕە و هەم دەسەڵاتیشیان دابەش کردووە و هەمیش چاوی مامۆستاکانیان لێ دیارە، دەنا دەمێک بوو ئاوڕڕوی یەکدییان بردبوو و سەر و گوێلاکی یەکتریان کوتابوو.

کە بەعس لە کوردستاندا بووە، تەواوی خاکی کوردستانی مینرێژ کردووە و هەر بەو شێوەیەش بەجێی هێشتووە. لەو لەتەکوردستانەدا، کە بە ناو ئازادە، ڕۆژ نییە دەیان کەس بە مین نەکوژرێن یا دەست و لاق و شوێنێکیان نەپەڕێت و بریندار نەبێت. ئەو مەسەلەیەش زۆر ئاسایی دەڕوات و فەرمانڕەوایانی کوردستان هەر بە خەیاڵیشیاندا نایەت. کە مرۆڤ دەشپرسێ بۆ چارەیەکی ئەو بارە ناکەن، دەڵێن چۆن دەکرێ و ئەوە هەرگیز پاک نابێتەوە. یانی بە حیسابی ئەوان، دەبێت قڕ بخرێتە ئەو خەڵکە و کوردەکە، بە تایبەت منداڵ، تەواو ببن. ئەگەر برێک بەتەنگ ئەو مەسەلەیەوە هاتبان، ئەو هەموو پێشمەرگە و چەکدارانەی کە هەیانە و کاتێک، کە فشەی پێوە دەکەن ژمارەیان دەگەیەننە سەدان هەزار، ئەگەر هەر حەفتەی لە ناوچەیەک کاریان کردبایە و بە دووی میندا گەڕابان و بیانتەقاندبانەوە، ئێستاکە کوردستانەکەی بندەستی بەرەی کوردستانییان خاوێن کردبووەوە. لەو گەرمیانە — دەوروبەری شێروانە- باسی منداڵێکیان دەکرد، کە هەر بە تەنێ خۆی نێزیکەی ٨٠٠-٩٠٠ مینی تەقاندبووەوە و دواجار بۆ خۆیشی بەر کەوتبوو و بووبووە قوربانیی مینێک و قەزاوبەڵای سەرانی کوردی برد، کەچی بەرەی کوردستانی هەر نەیانکردبوو، پێش شەهیدبوونی، خەلاتێکی بدەنێ یا هیچ نەبێت بۆ خۆیشیان چاو لەو بکەن و چەکدارەکانیان هان بدەن بۆوەی ئەو کارە بکەن. ئەوە یەک منداڵە لە سەدان منداڵی دیکەی هەژارانی کورد، کە سەران و دەوڵەمەندانی کورد بە مردنیان دەحەسێنەوە و چاکتر دەژین.

بەرەی کوردستانی و حوکوومەت و پەرلەمانەکەی، باسی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان دەکەن. ئەگەر لە سەرجەمی ٥٠٠٠ گوندی کاولکراودا —لە پاییزی ١٩٩١ەوە تا ئێستا- ٥٠ گوندێک ئاوەدان کرابێتەوە، ئەوە ئاوەدانکردنەوەی پێ دەگوترێ؟ ڕەنگە بە پێی بۆچوونی کیسەڵ! من لەو بڕوایەدام کە بەو سەدان هەزار چەکدارانەی، کە ناوی پێشمەرگەیان لێ نراوە و بە هاندانی خەڵکی گوندەکان بۆ خۆیان و بە کاری میللی و هەرەوەزی و گەلی، بەو ماوەیە دەتوانرا، ئەگەر تەواوی گوندەکانیش نەبێت، ئەوا دوو سێ هەزار گوندی کوردستان دروست کرابایەوە و خەڵکی گوندەکان گەڕابانەوە شوێن و جێگەی خۆیان. بەرەی کوردستانی مەبەستی ئەوە نییە، چونکە —بەرە- لە گەڕانەوەی خەڵکی گوندان بۆ گوندەکانیان و دەستکردنەوەیان بە کار و باری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری —کە بڕبڕەی پشتی ئابوورییە لە کوردستاندا- دەترسێ، کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوان دەرچن. بەرەی کوردستانی دەیەوێ خەڵکەکە فێری دەرۆزە و لەپپانکردنەوە بکات و هەمووەدەم چاوەڕێی یارمەتی دەرەوە و دەوڵەتان و ڕێکخراوە جیهانییەکان بن، کە ئەوەش ڕێک بیر و بۆچوون و هەوڵ و کۆششی جیهانی سەرمایەداری و ئەورووپا و ڕۆژاوایە، بۆ ئەوەی نەک هەر کورد، بەڵکە تەواوی جیهانی سێیەم بەو شێوەیە لێ بکەن و بهێڵنەوە. بەرەی کوردستانی بەو مەبەستە ئەو کارە دەکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خۆیەوە، کۆمەک و یارمەتی بە سەر خەڵکدا دابەش بکرێت، تا بۆ خۆی دەستی خۆی لێ بوەشێنێت و پاشان ئەگەر شتێک لە خۆی زیاد مایەوە، بیدات بە خەڵکانی نێزیکی خۆی. ئەگەر بەرەی کوردستانی ڕاست دەکات و لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکاندایە، دەبوو پێش هەموو شتێک تەواوی ئۆردووگا زۆرەملییەکان (مجمعات) بڕووخێنێت و تێکدات و

خەڵکەکەی بگێڕێتەوە بۆ گوندەکانی خۆیان، بە مەرجێک پێشتر گوندەکانیان دروست بکرێنەوە. ئەو ئۆردووگایانە بۆ خۆیان پەیکەرگەلێکی بەعسن و نیشانەی زۆرداری و چەوساندنەوە و هەموو ناڕەواییەکن و هێشتنەوەشیان لە لایەن بەرەی کوردستانییەوە، نیشانەی پشتگری بەرەیە لەو ئۆردووگایانە. ئەو ئۆردووگایانە کانگەی بێئاکاری و نەگبەتی و پیسی و جاشایەتی بوون و هەر سەرەتایش، کە دروستکران، بۆگەنترین چینی بۆرژوازی کورد –بەڵێندەرەکان (موقاویلەکان، قۆنتەراتچییەکان) - شانیان دایە بەری و ئەوان بۆ حوکوومەتی بەعسیان دروستکردن. ئەو چینەش –بەڵێندەران- بە سایەی وێرانکاری گوندەکانی کوردستان و ماڵوێرانی و دارزانی خەڵکەکەی و بەهێزبوونی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستاندا –بە هۆی ئەو ئۆردووگایانەوە- بوون بە خاوەنی چەندین ملیۆن دینار، خانوو و بەرە و سامان و دارایی قورس و ناڕەوا، کە بەرهەمی دزێتی و ڕووتاندنەوەی خەڵکە و هیچی دی. ئەو ئۆردووگایانە تاکە هۆی سەرەکی و بنەڕەتی نەهێشتنی کشتوکاڵ و ئاژەڵن لە کوردستاندا و گەورەترین ڕۆڵیشیان لە تێکدان و شێواندن و سڕینەوەی ئاکار و شوێنەوار و نەریت و پێوەندارییەتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بینیوە و بە دامەزراندنیان گەرەترین زیان لە کوردستان درا. تەواوی ئەو تاوانەش بێجگە لە بەعس، لە ئەستۆی قۆنتەراتچی و بۆرژوازی کورددایە و ڕۆڵی ئەوان هەرگیز لە ڕۆڵی بەعس کەمتر نەبووە و ئێستاش بەوەی، کە ئەو ئۆردووگایانە ماونەتەوە، بەرەی کوردستانییش هەر ئەو ڕۆڵەی بەعس و قۆنتەراتچییانی کورد دەبینێت. لە نێوان سلێمانی و دەربەندیخاندا ئۆردووگای "نەسر (نصر) " و "هەڵەبجەی نوێ" و ئەوانە هەن و لە نێوان کفری و کەلاردا ئۆردووگای "سموود (صمود) " هەیە، کە کۆکراوەی تەواوی گوندەکانی ناوچەی کفرییە و زێتر لە ٧٠-٨٠ هەزار کەسی تێدایە. ئەو ئۆردووگایانە هەر وەک خۆیان ماونەوە و یەک خشتیان لێ تێکنەچووە و هەر هیچ نەبووایە دەبوو هەر لەبەر ناوەکانیان بیانڕووخاندبان.

بەزمێکی دیکە، کە بەرەی کوردستانی فێری بووە، مەسەلەی ژنکوشتنە بە بیانووی ئەوەی، کە ئەوانە خراپ و داوێنپیس بوون و کاریان بۆ حوکوومەتی بەعس کردووە. جارێ پێش هەموو شتێک تەواوی ئەو ژنانەی، کە وەبەر فیشەکی بەرەی کوردستانی دراون و دەدرێن، ژنگەلێکن سەر بە هەژارترین چینی کۆمەڵگەی کوردەوارین و هەر هەژاری و پێویستی ڕۆژانە و ژیان بۆ خۆیان، هۆگەلێکن بۆ ئەوەی، کە ئەوانە –ئەگەریش ڕاست بێت- خلیسکابن و خوویان خراپ بووبێت. دەبێ ئەوانە چییان دژی کورد کردبێت؟ هەرچییەکیشیان کردبێت، هێندەی ئەو موستەشار و سەرەک جاشانەیان نەکردووە، کە ئەوڕۆکە هەموو بە کونفەیەکوون (کن فیکون) یێک بوون بە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ و هاوڕێ و هەڤاڵ و لێپرسراوی بەرز، لە نێو بەرەی کوردستانیدا و بە کوردستاندا تەراتێن دەکەن و بۆ خۆیان حوکم دەکەن و دەیان پاسەوان و چەکداریش وەدووی خۆ دەخەن. ئەو کەونە جاش و موستەشار و قۆنتەراتچی و بۆرژوازییانەی جاران و پێشمەرگە و نیشتمانپەروەر و هاوڕێ و هەڤاڵە نوێیانە، وەک پشیلە وان و لە چل نهۆمیشەوە بەربنەوە هەر لە سەر چوار پەل دەنیشنەوە. تا بەعس هەبوو ئەوان کەواسووری بەر لەشکری بەعس بوون لە کوردستاندا و ئێستاش کە حوکوومەتی کورد هەیە، دیسان ئەوانن کەواسووری بەر خێڵی بەرەی کوردستانین. ئەگەر مرۆڤ بڵێ لەگەڵ سەردەمی بەعسدا زۆر جیاوازی نییە، تا ڕادەیەک درۆ نییە. قسەیەکی خۆشی مستەفابەگی جاف، کە یەکێکە لە سەرانی هۆزی جاف و لە کەلار دادەنیشێت، گەواهییەکی ڕاستەقینەی ئەو وەزعەیە. مەسعوود بارزانی و چەند کەسێک دەچنە سەردانی ماڵی مستەفابەگ و دەبنە میوانی. پاش بەخێرهێنان و گفتوگۆ، مستەفابەگ دەڵێ:"کاک مەسعوود قسەیەک هەیە حەز دەکەم عەرزتان کەم". ئەویش دەڵێ:"فەرموو". مستەفابەگ دەڵێ:"هەرچی سەیرتان دەکەم هەر فەتە (فەتاح) ی برامتان کەمە". فەتتاحی برای مستەفابەگ، سەرۆکی تەواوی موستەشارەکانی ناوچەی گەرمیان و شارەزوور و ئەفسەرێکی بەرزی لەشکری عیراق بوو و لە ئەنفال و کارە ناپەسندەکانی ڕێژیمی بەعسدا، ڕۆڵێکی لەبەرچاوی هەبوو. هاوڕێکانی مەسعوود بارزانییش هەموو کەونە موستەشار دەبن. بەرەی کوردستانی بۆ ژنی قوڕبەسەر قەڵاچۆ دەکات و کەونە پیاوانی ڕێژیمیش بە سەر خەڵکی هەژاری کوردەوە دەکات بە کەڵەگا؟

ئەو پێشمەرگەیەی، کە جاران نیشانەی پاڵەوانیەتی و قارەمانیەتی و ئازایەتی بوو، ئەورۆکە بەرەی کوردستانی و حیزبەکان، کارێکی وایان بە سەر هێناوە، کە بوون بە نیشانەی دزیەتی و جەردەیی و چڵێسی و نارەوایی. پێشمەرگە کە جاران بڕوای بە خۆی هەبوو، کە دەتوانێت بەرانبەر دوژمن خۆ ڕاگرێت و بوەستێت، ئەورۆکە تاکە هیوایەک کە هەیەتی، هێزی ڕۆژاوا و ئەمەریکایە و هیچی دی. زۆر بە ڕاشکاوییش دەڵێن: ئەگەر ئەوان –هێزی ڕۆژاوا- نەبن، ئەوا پێشمەرگە هەرگیز شەڕیان پێ ناکرێت، ئەگەر سەددام یا کەسێکی دی، پەلاماریان بدات.

زۆرجاران ئاوارە و لێقەوماوەکانی کەرکووک و گەرمیان و ئەنفال، کە لە ژێر چادر و خانووی تەنەکە و زنج و لادیواری سەیسایەق و هەڵەبجە و گۆخلان و خورماڵ و ئەوانەدا و لە خراپترین بار و گوزەراندا دەژین، ئەگەر هەندێکیان هاتبنە نێو شارەکانی سلێمانی و هەولێر، ئەوا بوون بە مایەی لاقرتێ و قسە و ناتۆرە و بە دەیان شتی دزێو و ناحەزیان پێ دەگوترێت. بەرەی کوردستانی و حیزبەکانی دیکەش هەر یەکەو لە نێو شارێکدا دەیان بارەگایان هەیە. هەر حیزبەو چەند بارەگایەکی سەرکردەیەتی و بارەگای لق، ناوچە، لاوان، قوتابیان، نووسەران، کرێکاران، ژنان، پێشمەرگە و چەندانی دیکەیشیان هەیە. هەر بارەگایەکیش لەوانە بینایەکی حوکوومەتیی کۆنە، کە ئێستا بە دەست میرانی نوێوەن و زۆریشیان بینای خوێندنگە و ئەو جۆرە شتانەن، کە دەیان ژووریان تێدان. خۆ ئەگەر ئەوان –حیزبەکان- لە ژمارەی بارەگاکانیان چەند دانەیەک کەمتر بکەنەوە، ئەوا هەزاران ماڵە گەرمیانی و کەرکووکی و ئەنفالی لە نێو ئەو بینایانەدا جێیان دەبێتەوە و هەر هیچ نەبێت لە ژێر ئەو چادر و تەنەکانە ڕزگاریان دەبێت.

لە کوردستانەکەی بندەستی بەرەی کوردستانیدا ئەورۆکە مافیایەک حوکم دەکات و کارگێڕی دەکات. تەواوی ئەو دۆلار و مارک و پارە بەنرخانەی دنیا، کە دەبرێنەوە کوردستان، هەمووی دەچێتەوە گیرفانی حوکوومەتی عیراقەوە و ئەو بۆ خۆی دەیانکێشێتەوە بەغدا. مافیای کورد ئەو پارانە لە تۆ و من و ئەم و ئەو دەکڕێتەوە و بۆ خۆی دەیبا بۆ بەغدا و لەوێ بە دیناری عیراقی دەگۆڕێتەوە. نرخی دۆلار لە کوردستان، ١٧-٢٢ دینارە و لە بەغدا ٢٧-٣٢ دینارە، بە دیناری ڕەسەن، بەڵام بە دیناری ساختە دووهێندە دەکات. مافیای کورد، دەوڵەمەندی کورد، دۆلارەکانی کوردستان دەباتە بەغدا و بە زیاتری دەگۆڕێتەوە و لە هەر یەک دۆلاردا ١٠ دینارێکی زیادەی دەستدەکەوێت. خۆ ئەگەر بە دیناری ساختەی بگۆڕێتەوە –کە زۆرتر وا دەکەن- ئەوا دووهێندەی زیاتر دەستدەکەوێت. مافیای کورد ئەو دینارە ساختانەش دێنێتەوە کوردستان و کوردستانی لێ پڕ دەکات و بۆ خۆیشی دۆلاری دیکەی پێ دەکڕێت و دەفرۆشێت. ئیدی ئەو نەک دۆلار دەفرۆشێت، بەڵکە خۆیشی دەفرۆشێت و هەڕاج دەکات، هەر بۆ ئەوەی میلیۆنانی دیکە بخاتە سەر ئەو میلیۆنانەی، کە هەیەتی و قوڕبەسەری و نەگبەتی ئەو خەڵکە هەژارە زیاتر بکات، چونکە هەژاری و کلۆڵۆ و دەردیسەری خەڵک، خۆشبەختی و بەختیاری ئەو چاوچنۆکانەیە. بەو جۆرە مافیای کورد هەم دۆلار و مارک و پوندەکە و هەم پارە عیراقییە ڕەسەنەکەی لا کۆ دەبێتەوە و هەمیش ئەوانە هەمووی دەباتە بەغدا و خزمەتی بەعسی پێ دەکات و کوردستانەکەیشی پێ هەژارتر دەکات. بازرگانیی بە پارە لە کوردستانی بەرەی کوردستانیدا، کارێکی یەکجار زۆر و ڕەوایە. بەرەی کوردستانی بۆ خۆی هاندەری ئەو جۆرە کارانەیە و بۆ خۆی دەیکات و بۆ خۆی مافیایە، دەنا لە کوردستانەکەی بندەستی ئەواندا چۆن شتی وا ئەنجام دەدرێت!

لە کاتێکدا کە خەڵکی کوردستان بۆ خۆیان برسییانە و پێویستییان بە یەک کیلۆ ئاردە، بە بەرچاوی بەرەی کوردستانییەوە و بە سەر نوختەی پشکنین و گومرکەکانیاندا، گەنم و دانەوێڵەی کوردستان بۆ عیراق دەبرێن. بەعس بە مەبەستی ڕووتاندنەوەی کوردستان و شاڕۆدانی و بڵاوکردنەوەی برسییەتی، ئەو کارە دەکات و بەرەی کوردستانییش، بە مەبەستی گومرکوەرگرتن و گیرفانپڕکردن، ئەو کارە ئەنجام دەدەن. برسیبوونی خەڵک و قات و قڕی و گرانی، هەرگیز گیروگرفتی بەرەی کوردستانی نین، مادام خوانی خۆیان پڕە، ئیدی چ دەبێ با ببێ!.

بێجگە لە دانەوێڵە و گەنم و دۆلار، تایە (پێچکە، چەرخ، تەگەر) ی ئۆتۆمبیل، کە لە ئێرانەوە دێتە کوردستان، بەرەی کوردستانی، گومرکی خۆی وەردەگرێت و لە کوردستانیشەوە دەبرێن بۆ عیراق. بەرەی کوردستانی هەر گومرکی خۆی وەردەگرێت و گرنگ ئەوەیە هەر گومرک وەربگرێت، ئیدی لە سەر چ دەبێت و لە کوێ دەبێت، قەیدی نییە.

لە کاتێکدا کە خەڵکی هەژاری کورد تێر بە زگی خۆیان خۆراک ناخۆن و دەستیان ناکەوێت و هەموو ڕۆژێک مردن بە چاوی خۆیان دەبینن، بۆرژوازییانی کورد، وڵاتەکە پڕ لە خواردنەوە دەکەن. خواردنەوەی هەمەچەشنە، کە پێشتر خەڵک هەر ناویشیانی نەبیستبوون. عەرەقی سووریایی، لوبنانی، عیراقی، تورکی و ویسکی و بیرەی هەموو لایەک و هەموو جۆرە خواردنەوەیەکی دیکەیش. بۆرژوازی کورد چاک لەوە گەیشتووە، کە ئەوڕۆکە ئەو بابەتانە سەرف دەبن و پارەیان تێدان. هێندەی دەوڵەمەندان و کەونە موستەشاران و موقاویلان و لێپرسراوان و قاچاخچییان و بۆرژوازی و دزی کورد –چونکە خەمی کورد زۆر دەخۆن- دەخۆنەوە، هێندە خۆراک لە کوردستاندا ناخورێت. بە هەزاران جەژن و ئاهەنگ و شایی و کۆڕ و کۆبوونەوەی خواردنەوە و خواردن، لە مەیخانە و هوتێل و چێشتخانەکاندا، لە لایەن و بۆ ئەو دەستڕۆیشتوو و ورگزلانە ساز دەکرێن، پارەکانیان بەشی ژیاندنی سەدان هەزار هەژاری کورد دەکەن، بەڵام کێ بیر لەوە دەکاتەوە. بۆرژوازی مشەخۆری کورد، بەوەشەوە ناوەستێ، بەڵکە قومارخانەکانی هۆتێلەکانی "ئەڕەشید (الرشيد) " و "مریدیان"ی بەغدایش ئاوەدان دەکاتەوە و پارەی هەتیو و برسی و لێقەوماو و ئاوارەی کورد، بە بێ سنوور و بێ ئازاری ویژدان، دەبا و دەیخاتە سەر مێزی قومار. بۆرژوازی کوردیش وەک هی هەموو ئەو دنیایە، لە خێر و بێر و خۆشگوزەرانی خۆی بەولاوە، خێری کەسی دیکەی ناوێت. هێشتا بۆرژوازی میللەتانی دی نیشتمانپەروەرترن، چونکە لە هەمان کاتدا، کە خۆ دەوڵەمەند دەکەن، شتی نوێ، کارگەی نوێ، پیشەسازیی نوێ، دەخەنە وڵاتەوە و ڕۆحی داهێنان بڵاو دەکەنەوە. بۆرژوازی کورد گیرفان پڕ دەکات، ئۆردووگای زۆرەملێ دروست دەکات، زەوی و خانوو و دوکان دەکڕێت و دەکات و دەداتە کرێ، دەبێتە نۆکەری ڕێژیم و جاشی بۆ پەیدا دەکات. تەواوی ئەو کارانەش بۆ خێری خۆی و چینەکەیەتی و بەس. لەم کاتە سەخت و دژوارەی خاورووی کوردستاندا، کە سەرجەمی میللەتەکە بێکارە، برسییە، پێویستی بە هەموو شتێکە، دەبوو بۆرژوازی کورد بیری لە دامەزراندنی دەیان کارگە بکردبایەوە. دەبوو سەدان مانیفاکتۆرەی گچکەی لەو سەر و ئەو سەری کوردستاندا کردباوە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە وەکار بخرێن و بەرهەم هەبێت. دەبوو پرۆژەی کشتوکاڵی و ئاژەڵ و مریشک و ماسی بەخێوکردن، وەئەستۆی خۆ بخەن. دەبوو ئاوەدانکردنەوەی گوندان و دروستکردنەوەی خوێندنگە و نەخۆشخانە و ڕێگەوبان و دەیان پرۆژەی دیکە ئەنجام بدەن. بەڵام بۆرژوازی کورد، کە هەموودەم پیاوی ئەم و ئەو بووە و گرێدراوی دەسەڵات و حوکوومەتەکان بووە و ئەوڕۆیش لە کوردستاندا بیری ئەو سەردەستە و پەرلەمان و حوکوومەت و حیزبەکانیش هەر لەون و خۆی خاوەنی دەسەڵاتە، کە وا بێت بۆ بیکات و چۆنی دەکات!!.

مرۆڤی کورد ئەوڕۆ لەوپەڕی دڵەڕاوکە و نیگەرانی و نائارامیدا دەژی. خەڵک لە ماڵ و گیانی خۆی دڵنیا نییە. کەسانێک کە سەر بەو حیزب و دەستە و دایەرەی بەرەی کوردستانی و پەرلەمان و حوکوومەتەن، سەرباری ئەوەی دەسەڵاتیان هەیە، دەشتوانن هەموو شتێک بکەن و بە خۆ و بە چەک و پاسەوانەوە دەسووڕێنەوە و بازووی خۆیان پێشان دەدەن. خەڵکی ئاساییش بۆ ئەوەی سەر و ماڵی خۆی بپارێزێت، ناچارە چەکی هەبێت. کوردستان پڕە لە چەک و هەموو ماڵێک چەکی تێدایە و چەک فەرمانڕەوایە. ئەوەی چەکی هەبێت، دەسەڵاتیشی هەیە. ئەوەی پارەی هەبێت، دەسەڵاتی هەیە. ئەوەی دەسەڵاتی هەبێت، پارە و چەکی هەیە. ئەوەی کە وا بێت، بۆ خۆی فەرمانڕەوایە. فەرمانڕەوایی بە چەکیش، تاساندنی مرۆڤ و ئازادییە، نائاسوودەیی و ترسە.

www.kurdistannet.org
1-6-2003 1:55

فەرمانڕەوایانی ئەمڕۆی کوردستان لە بری ئەوەی خەڵک فێری ڕێزگرتن و پەیڕەویکردنی ڕیز و نۆرە و ئەو جۆرە شتانە بکەن، بۆ خۆیان هانی خەڵک دەدەن بۆ نۆرەبڕکێ و پێشخستنی لێپرسراو و خەڵکی نێزیکی خۆیان، وەک نموونەیەک دەتوانم ئەمەی خوارەوە باس بکەم:

لە سەر زێی بادینان، کە عالەمەکە دەبێ بە خۆ و بە ئۆتۆمبیلەوە بە کەڵەک بپەڕنەوە بۆ ئەمبەر یا ئەوبەر و لەمبەر و لەوبەرەوە تراکتۆر کەڵەکەکە ڕادەکێشێت بۆ پەڕینەوە، هەر بەرێک جاری وا هەیە بیست سی ئۆتۆمبیلێک یا زیاتر ڕادەوەستێ و چاوەنواڕی ئەوە دەکات، کە نۆرەی بێت و بچێتە سەر کەڵەکەکە و بپەڕێتەوە. من بۆ خۆم لەوێ بووم، ئۆتۆمبیلی کابرایەکی لێپرسراوی پێشمەرگە هات و پێشی ئەو خەڵکەیان خست و پەڕاندیانەوە. لە کاتێکدا کە دەبوو دوای ئۆتۆمبیلی سێزدەیەم و چواردەیەم و. . . بپەڕێتەوە. هەر پاش ئەوە یەکێکی دیکەی بەرەی کوردستانی هات و ئەویشیان پەڕاندەوە. دوای ئەوە یەکێکی"یوو. ئێن" هات و ئەویشیان پەڕاندەوە. یەکێکی "خاچی سوور" هات و ئەویشیان پەڕاندەوە. تەواوی ئەوانەش بە نۆرەبڕیی ئەو خەڵکەی دیکە. بیانووی لێپرسراوانی کەڵەکەکەش، کە بۆ وا دەکەن ئەوە بوو، کە ئەوەیان پێشمەرگە و ئەوی دی لێپرسراوە و ئەوی دی نازانم چییە و. . . ! لە کاتێکدا کە دەستە و دایەرەی بەرەی کوردستانی بۆ خۆیشیان باش دەزانن، کە کابرایەکی ئەوروپایی هەرچییەک بێت، لە ئاساییترین مرۆڤیانەوە تا دەگاتە سەرۆکی دەوڵەتیان، بە گوێرەی نۆرە و ڕیز، کاری خۆیان دەکەن و کەس وەپێشی کەسی دیکە ناخەن و نۆرەبڕی ناکەن، بەڵام لە کوردستانی بەرەی کوردستانیدا ئەوانیشیان فێری نۆرەبڕین کردووە و وایان لێ کردوون، کە خۆ بە زل بزانن، چونکە ئەوان –بەرەی کوردستانی- بە سەر خەڵکەکەیاندا زل کردوون و وەپێشیان دەخەن. ئەگەر لێپرسراوێکی بەرەی کوردستانی نۆرەبڕیی بۆ بکرێت و ئەگەر کەچەترین لێپرسراوی حیزبی یا چەکداری خۆ بە سەر خەڵکدا فش بکاتەوە و ئەگەر نەک هەر سەرکردەکان خۆیان، بەڵکە خێزان و دەست و پێوەندەکانیشیان، چەندین لاندکرۆزیان بە شوێنەوە بێت و چەندین چەکدار پاسەوانییان بکەن و ئەگەر فشە و ڕاڵەخۆبوون و شانازی بە دەسەڵاتەوە بۆ خۆی ببێت بە یاسا و خەڵکی پێ پەروەردە بکرێت، ئیدی کابرایەکی ئەوروپایی بۆ خۆی بە زل نەزانێت و فشە بە سەر خەڵکدا نەکات! بەرەی کوردستانی وەک دەسگەیەکی بۆرژوازی سەرکوتکەر، بێگومان خەڵک فێری ملکەچی و ترس و گوێڕایەڵی دەکات و ڕۆحی جیاوازی و سەردانەواندن بڵاو دەکاتەوە.

بۆ سەردانی نەخۆشێکی خزم چوومە نەخۆشخانەی کتوپڕی سلێمانی. نەخۆشەکەی ئێمە لاقی بەر مین کەوتبوو. دەیان کەسی لەو بابەتەی لێبوو، کە دەست، لاق، گوێ، لووت، زگ یا شوێنێکی دیکەیان بەر مین کەوتبوو. نەخۆشخانەکە بێجگە لەوانەش، لە خەڵکدا جمەی دەهات و بە سەدان نەخۆشی لێکەوتبوون. ئەوی کە لەوێ وەدی دەکرا، نەبوونی دەرمان، بەنج، کەلوپەلی پاک و خاوێن، پانکە، ئاوی سارد و دەیان شتی دیکە بوون. لە کاتێکدا کە لای دوکتۆرە تایبەتییەکان هەموو جۆرە دەرمانێک چنگ دەکەون و لە بن زەویشدا بێت پەیدای دەکەن، لە نەخۆشخانەگشتییەکاندا نیین و دەبێ نەخۆش بۆ خۆی شتەکان پەیدا بکات. دوکتۆر و کارگەرانی ئەو نەخۆشخانەگشتییانەش، ئەگەر بۆڵەبۆڵێک بکەن یا دەنگێکیان لێوە بێت و نارەزاییەک دەربڕن، بێگومان حەقی خۆیانە، چونکە مووچەیان درەنگ درەنگ دەدرێتێ یا کەمیان دەدرێتێ یا هەر هیچیان نادرێتێ و کارێکیش، کە دەیکەن پیاوەتی خۆیانە. دیارە لەشساغی خەڵک زۆر مەبەست و گرنگە بە لای بەرەی کوردستانییەوە!

چێشت و خواردنی بە تام و بە لەززەت، مەگەر لە ماڵی خواپێداواندا بخورێت و کەسانی دەستڕۆیشتوو خۆ لە قەرەی بدەن و چێژی لێوەرگرن، دەنا هەژاری وڵاتی کورد، مەگەر لە خەوندا جارجار سەرەتاتکێی لەگەڵدا بکات، بەڵام بارەگاکانی حیزبانی بەرە، هەموو خوانیان پڕە و باشترین و بەتامترین خواردن دادەنێن و دەخۆن. گوشت کە ڕەنگە زۆرینەی منداڵانی هەژاران ئەوڕۆکە ناویشیان لەبیر کردبێت، لەو بارەگایانەدا ڕۆژانە نەک هەر دەخورێت، بەڵکە چاکیش دەخورێت. تەواوی بارەگاکانی ئەو حیزبانە ئاوهان. ئیدی جیاوازیی نێوان بارەگا و بارەگاش هەیە و حیزبی دەوڵەمەند و هی دەوڵەمەندتر هەیە. بێجگە لەوەش بارەگای ناوچە یا لق یا. . . لەگەڵ

www.kurdistannet.org

بارەگای مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردەیەتیدا جیاوازییان هەیە و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ یەکگرتن و کۆمۆنیست و ئیسلامی و. . . دا جیاوازییان هەیە. ئەگەر ئەوان -بارەگا و لێپرسراوان و سەرانی ئەو حیزبانە- برێک لە چڵێسی و نەوسنیی خۆیان کەمکەنەوە، بێگومان دەکرێ زگی چەند هەژارێکی کورد تێر بکرێن.

ململانێی ناشەریفی نێوان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستان (جەلالی و مەلایی) ، ئەگەر بە زیانی هەموو کورد و کوردستان بگەڕێتەوە، بەڵام بە مەرجێک ڕێژەیەک بەرژەوەندی خۆیان و زیان و ملشکانی لایەکەی دی تێدا بێت، هەرگیز سێودووی لێناکەن و ملی پێوەدەنێن. لە لەشکری یەکگرتووی نەبوو، کە نەک ئێستا بەڵکە لە ساڵی ١٩٨٧ەوە و لە مۆرکردنی پێکهاتن و سازکردنی بەرەکەیانەوە قەوانی بۆ لێدەدەن، دوو دانە کۆلیجی سەربازییان، بۆ پێگەیاندن و سازکردنی ئەفسەر کردووەتەوە. کۆلیجێک لە سلێمانی و یەکێکیش لە دهۆک. ئەوەی سلێمانی هی یەکیەتییە و ئەوەی دهۆکیش هی پارتییە. لەوەی سلێمانی ئەفسەری جەلالی دەردەچێت و لەوەی دهۆکیش ئەفسەری مەلایی. خۆ کە سبەی لەشکریش سازکەن، بێگومان لە کۆلیجەکانیان باشتر نابێت و سەربازەکانیش، جەلالی یا مەلایی دەبن. بەرەی کوردستانی یا ئەو دوو حیزبە، کە لە هەموو قانوون و هەڵسوکەوت و ڕەوتار و بیر و بۆچوونێکیاندا، لاسایی بەعس دەکەنەوە و شاگردی ئەوانن، دەبوو لە دامەزراندنی ئەو کۆلیجانەشیاندا چاو لەوان بکەن، چونکە بەعس بەو لەشکرە یەک ملیۆنەیەوە و بە درێژایی مێژووی عیراقیش -کە سەرانی کورد زۆر شانازی بەو مێژووەوە دەکەن و بەوەی کە عیراقین شاگەشکە دەیانگرێت- هەر یەک کۆلیجی سەربازی لە بەغدا هەبووە و هەیە.

سەرانی بەرەی کوردستانی، کە ساڵانێکی دووروودرێژە و لەوەتی سواری ملی ئەو میللەتە هەژار و کڵۆڵەی کورد بوون، هەزارویەک ئەمسەر و ئەوسەریان کردووە و هەر ڕۆژەی بە زوڕنای یەکێک هەڵپەڕیون. دەست لە سەر سینگ لە خزمەتی شای ئێراندا بوون و ساڵانێکیش تاژیی سەددام حوسەین بوون و ڕاوە کوردیان دەکرد. هەرچی کون و قوژبنی موخابەراتی سووریا هەیە، تەواویان تاقی کردەوە. بە سەدان ڕاپۆرتیان لە سەر کورد، تەسلیمی ساواک و ئیتتیلاعات"إطلاعات"ی ئێران و موخابەراتی عیراق و سووریا و میتی تورکیا کرد. کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالیان بە سەر کورددا هێنا. سێ ملیۆن کوردیان ئاوارە کرد و هەمان کات ئەملا و ئەولای سەددامیان ماچ کرد و دەستخۆشییان لێی کرد. دەیان ساڵ شەڕی کوردکوژییان کرد. نۆکەریی تورکیا و ئیسرائیل و ئەمەریکا و ئینگلیز دەکەن. لە پێناوی ڕێژیمی تورکیادا، چنگ دەخەنە گەرووی شۆڕشی کوردی چەوساوەی باکووری کوردستان. تەواوی ئەو کارانەیان کردووە و دەیکەن، سەرباری دزی و جەردەیی و ڕووتاندنەوەی خەڵک و هەموو جۆرە نارەوایییەکی دی و بێجگە لە هەزاران درۆ و ساختەچێتی و قۆڵبڕین، ئەوجا بێشەرمانە خۆیان بە شەریفی مەککە دەزانن و هەڕەشە لە خەڵک دەکەن. ڕۆژێک لە ڕۆژان سادەترین مافی ڕەخنەگرتنیان بە مرۆڤی کورد نەداوە و ئەو هەموو نارەوایی و نامرۆڤایەتی و بێئاوڕوویییەیان کردووە و کەس نەیوێراوە بە ڕوویاندا بدات، کەچی لە بری ئەوەی ئەوان داوای بەخشین لە میللەت بکەن و دان بە هەڵە و چەوتی و بۆگەنیی خۆیاندا بنێن، هێشتا ئەوان زمانیان درێژە و مرۆڤی کورد قەرزار دەکەن. ئەوان باسی ئازادی دەکەن و بڕوایان بە دیموکراسییە، بەڵام کام ئازادی و چ جۆرە دیموکراسییەک! لە فێستیڤاڵی یادکردنەوەی ٧٠ ساڵەی حوکوومەتی خواروی کوردستاندا بە ڕێبەریەتیی شێخ مەحموودی نەمر، لە سلێمانی و لە ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٩٢دا و لە هۆڵی ڕۆشنبیریی، سەرۆکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک هەموو شا و سەرۆک و میر و بەڕێوەبەری پۆلیس و خاوەن دەسەڵاتێکی ئەم دنیایە، هەڕەشە لە ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆن و ناڕازی دەکات لە کوردستاندا و بە پێی بۆچوونی ئەو، دەبێ هەموو کورد وەک ئەوان بیر بکەنەوە، دەنا دەکەونە سەنگەری دوژمنەوە. سەرۆکی یەکیەتیی دەڵێ:"هەر کەسێک یا گرووپ و لایەنێک سەرپێچی لە یاساکانی حوکمەتی کوردستان بکات، ئەوە بە بێ هیچ سێ و دوویەک سەر بە بەرەی دوژمنە و خیانەت بە کورد و کوردستان و خوێنی شەهید دەکات". پێم وایە سەرپێچی لە دز و جەردە و

ڕاووڕووتکەر، نە خیانەتە و نە هیچ. مرۆڤی ئاسایی کوردیش لەوەتی هەیە، قاڵبووی خەباتێکی سەخت و دژواری نیشتمانی و چینایەتی و نەتەوەییە و هەرگیز پێویستی بەوە نییە، وانەی نیشتمانپەروەریەتیی پێ بگوترێتەوە، لە کەسانێکەوە کە بۆ خۆیان هاوڕێی کاروان و شەریکی دزن. سەرۆکی یەکیەتیی با بە خۆی و پاشخانی خۆیدا بچێتەوە و لەگەڵ سەرانی دیکەی حیزبە کوردییەکاندا لە ئەلفبێی نیشتمانپەروەری و سیاسەتەوە دەست پێ بکەن. با لە فەرهەنگدا بە شوین واتای ئازادی و دیموکراسیدا بگەڕێن. با هەر بۆ کەمتر دەردی سەری و نەگبەتی، کەنار بگرن و وەلا کەون.

بەرەی کوردستانی و پەرلەمان و حوکوومەتەکەی، ڕێک وەک تەواوی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ئەم جیهانە، لە بری هەوڵدان بۆ گۆڕینی باری نالەباری خەڵک و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان و دابینکردنی گرنگترین پێویستییەکانی مرۆڤی کورد، لە نان و کار و خانوو و وەدیهێنانی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و یەکسان و ئازاد بۆ هەمووان، تەواوی گرنگی و هەوڵ و تەقەلا و تێکۆشانی، ئاراستەی قایمکردنی جێی خۆی و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیەتی، بە سازکردنی هەموو چەشنە دەسگایەکی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەری وەک لەشکر و پۆلیس و ئاسایش. مرۆڤ لەوە سەری سووڕ دەمێنێت، کە میللەتێک تا ئێستاش بە دەست "ئەمن و موخابەرات و ئیستیخبارات و جەیش شەعبی و جاش و پۆلیس" ەوە، زەلالەتی بێت و زەندەقی لێیان بچێت، چۆن ئێستاکە هەمان دێو و درنج و مرۆڤخۆریان بۆ قوتدەکرێنەوە. ڕەنگە جیاوازییەکە تەنێ لەوەدا بێت، کە ئەمانەی ئێستا بە کوردی قسان دەکەن، دەنا داپڵۆسەر هەر داپڵۆسەرە، هەر ڕەنگ و زمانێکی هەبێت.

بەرەی کوردستانی پێش ئەوەی خۆی بکات بە شا بە سەر خەڵکی کورددەوە، دەبوو ڕاپرسییەک (ڕاخوازییەک، ڕیفراندۆمێک) ی کردبا و ڕای میللەتی لەمەڕ داهاتوو و پاشەڕۆژ وەرگرتبا. ڕاخوازییەکە بۆ ئەوە بووایە، کە تێیدا بڕیاری سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان یا مانەوە لەگەڵ عیراقدا درابا. ئەودەم کام لا زۆرینەی دەنگی هێنابا، بە گوێرەی ئەوە کار کرابا. ڕەنگە ئەو کاتە ئەگەر دەنگی مانەوەش لەگەڵ عیراقدا سەرکەوتبا —کە بێگومان وا نەدەبوو- میللەت دڵنیا دەبوو لەوەی، کە پرسێکی پێ کراوە و بەزۆر بڕیاری بە سەردا نەسەپێنراوە.

پەرلەمان و حوکوومەت و بەرەی کوردستانی و سەرانیان ئەوڕۆکە وەک زۆر خەڵکی دیکەی دەسەڵاتداری ئەم جیهانە، کەوتوونەتە داوی بەزم و باوی سیستمی نوێی جیهانییەوە، کە ئەمەریکا باسی لێوە دەکات. ئەوان بە بێ ئەوەی بە خۆ بزانن، بە بلوێری ئەمەریکا شایی دەکەن و خەریکن دەبنە پۆلیسی ئەمەریکا لەو ناوچەیەدا. لە بری ئەوەی کوردستان بکرێت بە نموونەی ئازادی و شۆڕشگێڕی و مرۆڤدۆستی، خەریکن دەیکەن بە لانە و مۆڵگەی حەز و ئارەزووە گەندەڵەکانی ئەمەریکا و ئینگلیز و فرانسە و تورکیا و سعوودییە و دەیانی دیکەی لەو بابەتانە. هەر وەک چۆن ئەوڕۆکە پارەی ساختەی عیراقی، سعوودی، ئیسرائیلی، ئێرانی و چی و چی لە کوردستاندا هەن، بە سەدان سیخوڕ و جاسووسی ئەمەریکایی و ئینگلیزی و ئیسرائیلی و هی دیکە لە کوردستاندا تەراتێن دەکەن و خەڵک لە لیستەکانی خۆیاندا نێونووس دەکەن و دەچنە نێو هەموو ورد و درشتێکی ئەو وڵاتەوە.

سەرانی کورد پێیان وایە، کە بە پەرلەمان و حوکوومەتەوە ئیدی بوون بە ڕۆژاوایی و دیموکراسی ئەنجام دەدەن. پەرلەمان خۆی لە خۆیدا، دیموکراسی ساختەیە و یارییە بە مێشکی خەڵک. حیزب خۆی لە خۆیدا هەرچی بێت و هەر چۆن بیر بکاتەوە، شێوەیەکی نوێیی دیکتاتۆرییە. حیزب هەمیشە دەسگایەکی نادیموکراسییانەی سەرکوتکەرە و تاکە مەبەستیشی دەسەڵاتە و هیچی دی.

فەرمانڕەوایانی ئەوڕۆی کوردستان باسی ئازادی دەکەن، کە ئەوڕۆکە لە کوردستاندا خەڵک چێژی لێ وەردەگرن و بەرقەرارە، بەڵام ئەوان ئەوەیان لەبیر کردووە، کە ئازادی بەبێ یەکسانی دەکاتە ئەوەی، کە هەژاران و زەحمەتکێشان و موستەزعەفین (مستضعفين) ی کورد، ئازادییان لە بەهێزان و دەوڵەمەندان کەمترە. ئازادییش نابێتە ئازادییەکی ڕاستەقینە، ئەگەر بەشێکی خەڵک هێندە هەژار و دەستکورت و بێدەسەڵات بن، کە نەتوانن

**سوود لەو ئازادییە وەرگرن. ئازادی و یەکسانییش لە ڕاستیدا هەر یەک شتن. ئازادییش بە تەنیا مرۆڤ تێر ناکات.**

**نۆڤەمبەری ١٩٩٢**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت